# سەیدەوان



نووسینی

سەلاح نیساری

# سەیدەوان

## نووسەر : سەلاح نیساری

دەکرێ چیرۆکەکانی ئەم کتێبە بۆ منداڵانی ٦ تا ١٤ ساڵ بخوێنرێتەوە


| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | نیساری، صلاح، ۱۳۴۴ - |
| عنوان و نام پدیدآور | : | سه یده وان/نووسەر سه لاح نیساری. |
| مشخصات نشر | : | بوکان: آژوان، ۱۳۹۰. |
| مشخصات ظاهری | : | ۲۴ ص.: مصور(رنگی)،عکس |
| شابک | : | ۹۷۸-۶۰۰-۹۲۰۳۶-۳-۵ |
| وضعیت فهرست نویسی | : | فیپا |
| یادداشت | : | کردی |
| یادداشت | : | گروه سنی:ب،ج. |
| موضوع | : | داستان‌های آموزنده |
| رده بندی دیویی | : | دا۱۳۹۰۱۷۷ س۹۱۲ن |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ۶۴۵۰۴۳۲ |

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب : سەیدەوان | |
| نووسەر : سەلاح نیساری | |
| کۆمپیوتێر : لەیلا نوید فەر | |
| ڕازاندنەوە و ئامادەی چاپ : حامید قدرتی - بوکان | |
| تیراژ : ۱۰۰۰ نسخه | |
| چاپ و بڵاوکردنەوە: ئاژوان بۆکان- ۰۹۱۴۳۸۲۲۱۳۹ | |
| نرخ : ۴۰۰۰ تومان | |

انتشارات آژوان

بوکان صندوق پستی : ۱۳۱ - ۵۹۵۱۵

تلفن: ۰۹۱۴۳۸۲۲۱۳۹

# هەرای چەقــۆ و هێڕەڵماسییەکان

چەقۆ لە چێشتخانە پاڵی بە دیوارەوە دابوو. هێڕەڵماسییەکان لەنێو دەفرێکدا سرتوخورتیان بوو!

چەقۆ دەستی لە کەلەکەی نا، بە بزەوە گوتی: ئەوە باسی چی دەکەن؟

هێڕەڵماسییەکان گوتیان: باسی تۆ!

چەقۆ گوتی: بە چاک یان بە خراپ!؟

تێکڕا گوتیان: بە خراپ!

چەقۆ گوتی: خراپی من چییە؟

هێڕەڵماسییەکان گوتیان: چی لەوە خراپتر، بگەی بە هەر چییەک، سەری دەبڕی و لەتوکوتی دەکەی!


چەقۆ گوتی: باشە، با وا بێ دواتر وڵامتان ئەدەمەوە، بەڵام ئێوە بێژن چاکەتان چییە؟

سێوە بن عەرزیلەکان گوتیان: لەوە باشتر چی هەیە؛ بۆ خواردن دەبین، بۆ دەرمان دەبین، ئێمە بۆ مرۆڤ بەهرەمان زۆرە و هێڕەڵماسی کوڵاو بۆ مرۆڤ سوود و قازانجی هەیە.

چەقۆ گوتی: منیش ئەم شتانە دەزانم. منیش بەهرەی زۆرم بۆ مرۆڤ هەیە!

هێڕەڵماسی لە تاوەکەدا چەند جارێک هەڵبەزین، گوتیان: لە بڕین و بریندار کردن بەو لاوە، چی باشت هەیە، گەلێ جاریش بە دەمی تۆ زۆر کەس دەکوژرێ و ئاژەڵ و باڵندەش سەر دەبڕدرێ!

چەقۆ گوتی: ئیتر ئەوەیان تاوانی من نییە، خەتای مرۆڤە، ئینسانی باش بۆ کاری باش بە کارم دێنێ و جەڕڕاحی و نشتەرگەریم پێدەکات، هەزاران دمڵ و لوو، برین و شێرپەنجە و نەخۆشی بە دەمی تیژی من لادەبرێ، مرۆڤی خراپ بۆ کاری ناشیاو بە کارم دێنێ، ئەوە نییە کابانی خراپ و نەزانیش فرە ئێوە لە ڕۆندا هەڵدەقرچێنێ و سوورتان دەکاتەوە، دەبنە هۆی دروست بوونی نەخۆشی و تەنانەت شێرپەنجەش!




# شـــــووتـــی

دایە گەورە گوتی: من منداڵانم خـۆش دەویٚ بۆیـە ئـەم چیرۆکـەیان بـۆ دەگێڕمـەوە:
زەمانی زوو، وەکوو ئێستای خۆمـان نـەبوو، کـەژ و کـۆ، کێـو و چیـا، دارستان و لێڕەوار بوو، دەر و دەشت باخ و بێستان بوو.
ڕووبـار پـڕ بـوو لـە ماسـی و مـراوی، دارسـتان پـڕ بـوو لـە ئـاژەڵی جـوان و مێهرەبان(دڵۆڤان) پڕ لە ورچ و کەروێشک و فیـل و زەڕڕافـە و شـێر و مـامز و بزنـە کێوی.
پەلەوەر و باڵندەی ڕەنگاوڕەنگ، هەموویان بە یەکەوە دەژیان، مەیموون بـە سـەما و کارە جوانەکانی گیانـدارانی خۆشـحاڵ دەکـرد. ئـازاری یـەکتریان نـەدەدا، هـەموو یەکتریان خۆش دەویست بە دار و بەردەوە.
ڕۆژ ڕووناکی دەبەخشی و شـەو بـە مانـگ و هەسارە خشڵ و پووڵەکـە و مەلیلـەی کردبـووە بـەرۆکی ئاسـمان و هـەتا بـەیانی هـەر ترووسـکە و بریسـکەی مانـگ و ئەستێران بـوو، لـە نزیـک ئـەو دارسـتانە خۆشـەدا، بنەماڵەیـەک دەژیـان منـاڵێکی لاساریان هـەبوو! ئـەو ڕۆژەی کـە دایکـی نـانی بـۆ دەکـردن، کۆڕیژگـە ئـاوی دەکـرد بەسەر ئاوردووی تەندوورەکەدا! کۆلکە و داری سووتەمەنی لە ئاو هەڵدەکێشا! ئیتر ئـەوانیش نەدەسـووتان، دایکـی کـوڕە لـە کـاتی نـان کردنـا زۆری ئـازار دەبینـی و دووکەڵ دەچوو بە چاویدا، نانەکانی بە سەر ساجەکەوە ڕەش دەبوون و دەبوون بـە کۆڵوو. مناڵ کە زۆری نانە سووتاو خوارد ڕیخۆڵەی گیرا و گرفتی کرد. ئـەو شـەوە هەتا بەیانی زیڕاندی و گریا و هاواری کرد. ژیانی لە ئاژەڵان تاڵ کرد و...

بەیانی فیلی دڵۆڤان خۆی گەیاندە بەر درگای ماڵی کۆڕیژگە، سەیری کرد لە باوەشی دایکیدا دەگری و دەناڵێنێ، فیل بە خێرایی چوو لە بێستانەکە شووتییەکی باشی بە خرتوومەکەی هەڵگرت و هێنای دای بە دایکی مناڵەکە.

***

مناڵە ژیرەکان، ئەو کوڕە شووتی خوارد و ژانی زگی تەواو بوو، دایە گەورەش دۆعای بەخێری بۆ فیل کرد، با لەوە فیلتر بێت!
مناڵە چاو گەشەکان ئێوەش جاروبارە میوە بخۆن، وەک شووتی و هەرمێ، مۆز، سێو، هەنار و...



# سەیدەوان

ڕاوچی حەوتەی جارێک تاجییە ڕەشەی ڕست دەکرد[1]، ڕووی دەکردە دارستان و تەماڵی[2] هەڵدەنا.

کەروێشک بێچوولەکانی بەجێ هێشت و لە لان دەرپەڕی. تاژی بە دارستانەکەدا سووڕاندیەوە، لە داوێنی لێڕەوار کەروێشک کەوتە نێو شێوەردێک[3]، تۆمەز[4] قاچ و دەستی کەروێشک قوڵە بوو، نەیتوانی خۆی لە کەندولەند و کوڵۆی شێوەرد دەرباز بکا.

تاجییە ڕەشە، گەیشتە سەری و بۆقەتەی ملی گرت، سەری داخست و نایە بەردەستی ڕاوچی.

سەیدەوانە دەستی بە زارکی توربێنیدا[6] کرد، سەولەیەکی[7] خستە بەر دەمی.

لە پاش چەند ساڵ ڕاوچی تووشی چەند جۆرە نەخۆشی هات، ورگی بەر بووەوە، تووکی سەری هەڵوەری، بەرخەبەبەی داچۆڕا، هەر دوو دەستی شۆڕ بۆوە، بە زەحمەت دەیتوانی هەستێتە سەر پێ. داردەستێکیان لە دارستان بڕی و بۆیان کرد بە

---

١ـ ڕست کردن: پەت کردنی تاژی

٢ـ تەماڵ: کەروێشکێ لەنێو لاندا بێ

٣ـ شێوەرد: زەوی کێڵدراوی دانەچێندراو

٤ـ تۆمەز: وابزانم، گومان بردن

٥ـ سەیدەوان: ڕاوچی

٦ـ توربێن: تۆشە بەرە، خورجین

٧ـ سەولە: ئەو نانە خەپلەی دەدرێ بە گەماڵ و تاژی

گۆچان.
دوکتورەکان عەرزیان کرد نابێ گۆشت بخوا. ڕاوچی ئیتر کاری بە تاژییە ڕەشە نەمابوو، لە چلەی زستاندا بەڕەڵڵای دەر و دەشتی کرد. گورگی دارستان هاتنە خوارێ و لە کازیوەی بەیانیدا ورگیان دڕی.



# ئـــارام

ماملاستا هەموو ڕۆژانـی پێنجشـەممە کاتژمێرێـک وەختـی بـۆ منالـەکان دادەنا، تـا پەخشانێک، شێعرێک بخوێننەوە، بیرەوەری بگێڕنەوە، یان ئەوەی ڕۆژانی هـەینی لە ماڵێ خەریکی چی دەبن و چۆن کات بە سەر دەبەن لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرن.

ئەمڕۆ پێنجشـەممەیە، هیـوا ڕوخسـەتی لـە مامۆسـتا وەرگـرت و گـوتی: «مامۆسـتا ڕۆژی هەینی هەر لە بەیانییەوە هەتاکوو کاتژمێر ١٠ی شەو خەریکی یاری عەتتـاری دەبم!»

سیروان، لەپاش ڕوخسەت وەرگرتن، گوتی:

«مامۆسـتا، منـیش ڕۆژی هـەینی لـە تـەک بـاوکم خـەریکی یـاری بلیـارد دەبـم و فراوێنیش گۆشتی قەل دەخۆم!»

هەژار، قامکی بەرز کردەوە و گوتی: «ڕۆژی هـەینی دەچـم بـۆ مـاڵی کوڕی پـوورم، فێری کار کردن بە کامپیوتێر دەبم.»


ئازاد، لەگەڵ ڕوخسەت وەرگرتن لە مامۆستا، گوتی: مامۆستا دایکم دەڵێ: یـا خـوا قەت جومعە نەیەت!

مامۆستا گوتی: بۆ ئازاد، لەبەر چی؟

ـ مامۆستا، بابم پڕ ساکێک دەفتـەر دەهێنێتـەوە، هـەتا نیوەشـەو هـەر خـەریکی حسـابی کـڕین و فرۆشـتنە، ئەوەنـدە پـووڵوپـارە، ئەوانـە قـەرز، ئەوانـە چـەکی بانگی...

ئارام لە جێی خۆی هەستا و ئەنگوستی بەرز کردەوە.

مامۆستا گوتی: با بزانین ئارام چیمان بۆ باس دەکات.
ئارام گوتی: ڕۆژانی هەینی من و بابم و برا چکۆلەکەم دەچینە ئەو حەسارە چۆڵەی پشت ماڵەکەمان، مرۆ بەفرینە ساز دەکەین و دەست دەکەین بە یاری کردن و شەڕە تۆپەڵە!
مامۆستا دەیزانی ئارام تەنیا ڕۆژێک شک دەبەن و زۆریش بە هەژاری دەژین، بەڵام منداڵێکی فرە زیرەک و دەرس خوێنە.



# هـەتـــــاو

دایە گەورە گوتی: «زۆر لە مێژە هـەتاو کەسیرەیە و لـە پشت کێوە ڕەشـەوە کۆشمەی کردووە، خۆ ئەو نـاتوانێ بـە بـێیاریدە و هـەرەوەزی ئێـوە وەسـەر بکەوێ و بگاتە تەشقی ئاسمانی شارەکەمان! ئێستا ئەوە ئێـوەی ژیـر و وریـان دەبـێ بچـن بـە هـاواری خۆرەتـاوەوە! دەسـتی بگـرن و بـەرزی بکەنـەوە، لـە هەورازی کێوە ڕەش وەسەری بخەن و یارمەتی بدەن!

ئیتر ئەم کارە هەر لە ئێوە دەوەشێتەوە و بـە منـداڵی زیـرەک و ئـازا دەکـرێ، نابێ خەو خەو و هێڕوتەمبەڵ بن.

دایە گەورە تێی گەیاندن، چۆن بچن، بسکی هـەتاو شـانە بکـەن و لـە خـەوی هەستێنن، لەو ماوەیەدا، نـە دەنگـی مـەل و جریـوەی پەلـەوەران دەهـات، نـە خونچە گوڵ دەکرانەوە و نە ئەستێرە و مانـگ بـزە و تریفـەیان مـابوو، شنە خەوتبوو، خوڕە و هاژەی ڕووبار و تاڤگە و ئاوهەڵدێران نەدەهات!

ساواکانیش مەمکی دایکیان نەدەمژی! بـۆق نەیدەقیڕانـد و ماسـی ڕووبـاران بـە بێهێز و فڕکە مابوون!

دایە گەورە منداڵەکانی ڕەوانە کرد، هەتا شەو شەق بوو هەر دانیشت و بیـری کردەوە و چاوی لە ئاسۆ بڕی. خەونووچکە بردیەوە، شەکەتومانـدوو خـەوی لێکـەوت، بـەیانی کـە لـە خـەو هەستا سـەیری کـرد هـەموو دونیـا ڕووناکـە، بەتایبـەت شـارەکەی ئـەوان! خـۆر بـاڵا پیاوێـک بـە ئاسـماندا هـەڵچووبوو،

منداڵەکانیش هیلاکوماندوو بەرەو ماڵ دەبوونەوە، بە دەنگی مەلومراوی و جیکەوفیکەی پەلەوەر و باڵندە حەسانەوە و زۆریش بە هەڵبەزدابەزی ماسی و کەروێشک قاقایان کێشا؛ بۆنی گوڵ و ڕێحانە دەر و دەشتی پڕ کردبوو.



## هیوا لە چی بێزارە؟

کاتێک هیوا لە نووسینی وانەکانی تەواو بوو، گڵۆپی وەتاغەکەی خۆی کووژاندەوە. بابی لە هاڵەکە سەیری فیلمی ئاژەڵانی دەکرد. چوو لە پەنای بابی پاڵی لێداوە.


سووجەمارێک خۆی لە مشکێکی بۆر مات دابوو. مێروولەخۆرێک مێروولە سوورەکانی دەچنییەوە و دەنک دەنک دەیخواردن. لەقلەقێک لە قەراخی مرداوەکە بۆقێکی بە دندووکەوە بوو. تاژپڵەنگێک دەم لە سەرپشت کەوتبووە سەر بێچووە ئاسکێک، بە تاو دەیهێنا و دەیبرد. قشقەڕەیەک لەولاترەوە خەریکی ڕاوە کوللە بوو.

هیوا خۆی خستە بن باڵی بابی و گوتی:«بابە تۆ دەڵێی تاژپڵەنگ دەتوانێ بەچکەی ئاسک بگرێ؟»

بابی لە وڵامدا گوتی:«هیوا گیان! هەر ئێستا ڕاوی دەکا، دەیخوا.»

هیوا نیگەرانی ئاسکە چکۆڵە بوو، لەبەرخۆیەوە دەیگوت:«چەندە گوناحە، ئەو زلەیە چۆن ئەو بەچکەیە ڕاو دەکا، یاخوا نەیگرێ.»

بابی دەستی بە سەری هیوادا هێنا و گوتی:«کوڕی خۆم لەو دونیایەدا، شتە گەورەکان هەمیشە ئەوانی چووکەتر دەخۆن. تۆش بۆ ئەوەی قوتت نەدەن زوو گەورە بە، با نەتخۆن.»



# ڕوومەتی هیوا وەکوو سێو جوانە

ئازاد، ئینشاکەی خوێندەوە. منداڵەکان وێڕای مامۆستا چەپڵەیەکی باشیان بۆ لێدا.

مامۆستا ڕووی کردە قوتابییەکان و گوتی: «بۆ حەوتەی داهاتوو هەر قوتابییەک باشترین وێنە (نەققاشی) بکێشێتەوە، خەڵاتی باشی دەدەمێ. عەکسی خۆی لەگەڵ وێنەکە لە گۆڤاری منداڵاندا چاپ دەکرێ.»

زەنگی قوتابخانە لێدرا. هەر کەسەو ڕووی کردەوە ماڵی خۆیان. هیوا هەر بیری لەوە دەکردەوە وێنەیەکی باش بکێشێتەوە. دەفتەری نەققاشی دانا. قەڵەمڕەنگینەکانی ئامادە کرد. چەند وێنەی کێشاوە، بەڵام دواتر دڕاندنی! یەکیان وێنەی دارستانێک بوو ئاگری گرتبوو. ئەوی تریان وێنەی تەور و مشارێک بوو. دانەیەکی دیکە وێنەی چایەکی ڕەش و قەندانێک قەند بوو...

وەختێک بەو نەققاشییانە ڕازی نەبوو و دڕاندنی، وێنە دڕاوەکانی خستە سەتڵی زبڵەکەوە. لە بەرامبەر ئاوێنەکە سەری ڕوومەتەکانی خۆی کرد. لە پڕ، بزە کەوتە سەر لێوی!!

بەیانی مامۆستا داوای لە قوتابییەکان کرد دەفتەری نەققاشی ئامادە بکەن تاکوو نمرەیان بداتێ. مامۆستا وێنە و نەققاشی هەموویانی پێ جوان بوو، بەڵام باشترین نمرەی دا بە هیوا!! هیوا وێنەی داری «سێو، هەرمێ، هەنار، ترێ، هەنجیر، خورما و...» کێشابووەوە. هەر بۆیە ڕوومەتی هیوا وەکوو سێو جوانە.



# ماسی گرتن

بابم دەستی گرتم، بە شەقامی (ئازادی) دا سەرکەوتین گوتی:«هیوا پێتخۆشە چیت بـۆ بکڕم؟»

دە هەنگاو ئەولاتر لایدا دووکانێکی خۆش چاوی لێکـردم، بـزە گـرتی منـیش چـاوم بـە دەوروبەری خۆمدا گێڕا، پڕ بوو لە کتێب، کتێبی قەڵەو و کز! بـابم کتێبێکـی جـوانی بـۆ کڕیم و دایە دەستم، کتێبەکە شتی تێدا نووسرابوو پڕ بوو لە وێنەی جوان جوان.

تازە لە دووکانەکە هاتبووینە دەرێ، کوڕێک هێشـتا ڕیـش و سمێڵـی نـەهـاتبوو لـەبـەر دەمی بابم قوت بووەوە و پاڕایەوە: «کاکە، کاکە گیان هێندێک پارەم بدەرێ بیـدەم بـە نان، برسیمە و فەقیرم، بێپارەم و لێقەوماوم.»

بابم دەستی کوڕەکەی گرت و چوار دووکان سەرتر غـەرغـەرە و نـەپسـێن و قـولاب و کەلوپەلی ماسیگرتنی بۆ کڕی. بـە پیاسـە کـردن ڕۆیشـتین بـۆ گـوێی چـەم و لـەوێ کرمێکی کرد بە نووکی قولابەکەوە... بەو کەرەستە کەمە بابم ماسییەکـی لـە ئـاوەکـەدا گرت، کوڕەکە زۆری پێخۆش بوو، هەر پێدەکـەنی و لـە ماسـییەکـەی دەڕوانی، بـاوکم وەکوو جاری پێشوو قولابەکەی ئامادە کردەوە و دایە دەست کوڕەکە، ئەویـش هـەڵـیدا نێو ئاوی ڕووبارەکەوە زۆری پێ نەچوو کوڕەکە قولابی ڕاکێشا ماسییەکی لەگـەڵ خـۆی هێنا. بابم گوتی: کوڕە باشەکە، وەرە دانەیەکیـان ببرژێنـە و بیخـۆ، یـەکیشـیان بـە مـن بفرۆشە! ئەوجا هەموو ڕۆژێک وەرە لای ئەم چۆمە و دوو ماسی ڕاو بکە، یـەکێکیـان بـۆ خۆت ببرژێنە و یەکێکیشیان ببە بۆ شار بیفرۆشە. بەڵێنیت پێ دەدەم هەرگیز لەمەودوا گیرفانت بەتاڵ نابێت.



## کار جـــــوان

کەژاڵ لەبەر هەیوانەکەوە چاوی لە گوێسوانەکەی ڕووبەڕوو بڕیوە.

زەردەواڵەکان بە ئارامی دێن و دەچن بە ئاستەم گوێم لە وزە و دەنگی باڵیان دەبێ.

دەچمە تەنیشتی و بە هێمنی دەڵێم:«لە چی ڕاماوی؟»

بە قامکە شووشەکەی ئاماژە دەکا بۆ شانەی زەردەواڵەکان و دەڵێ: «شیلان ئەو زەردەوالانە چۆن دەزانن شتی وا ساز بکەن؟»

منیش بە پێکەنینەوە دەڵێم:«جا ئەوە چییە! پوورم دەزانێ تەشی بڕێسێ، نەنکم سەرکڵاوە و گۆرەوی دەچنێ و خاڵیشم دەزانێ جۆڵایی بکا.» منیش حەزم لە کامپیوتێرە.








انتشارات آژوان
بوکان صندوق پستی : ۱۳۱ - ۵۹۵۱۵
تلفن: ۰۹۱۴۳۸۲۲۱۳۹